# ڕەوایی جوڵانەوەی ئازادیخوازی لە بەرانبەر ڕژیمی ئاخوندی دا

عەلی بەهرامی

گەلی کورد بە شێوەیێکی نەپساوە تاوی داوەتە خەبات و بەرخۆدان و ئەو خەباتەش بە تێکڕا و لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ئارادایە و داوای مافە رەواکانی خۆی دەکا. ئەو مافانەی کە هەموو نەتەوەیێك و بە پێی هەموو ئایین و و پەیمان نامە نێودەوڵەتیەکان دەبێ هەیبێ.

دیارە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە سەر ئەوە دەدوێم کە ئەندامی هێزێکی نەتەوەیی و خاوەن نزیك بە 30 ساڵ خەبات بۆ رزگاری نەتەوەی کورد سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانم کە خەباتەکەی بۆ رزگاریی نەتەوەییە لە کوردستانی ئێران. لەم بابەتەدا تەنها باس لە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.

گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە 100 ساڵە تێدەکۆشێ بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی و لەو ماوەیەدا رووبەرووی 3 دەسەڵاتی خۆسەپێن و ملهوڕ بۆتەوە، بەتایبەت خەباتی ئەم 30 ساڵەی ئاخری رووبەرووی دەسەڵاتێك بۆتەوە کە مەترسیە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی.

ساڵی 1357 و لە ئاکامی ڕاپەرینی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران رژیمی شایەتی رووخا، بەڵام لە ماوەیێکی کورتدا و بە گەڕانەوەی ئاخوند خومەینی بۆ ئێران و بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵك و فیلْ و چاوبەست، ئاخوندان خۆیان سەپاند و دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.

دەستەیێك ئاخوندی مێشك ووشك و دوواکەوتوو کە جیاواز لە فکر و مەرامی خۆیان کەسی دیکەیان قەبووڵ نەبوو و حازر نەبوون لەگەڵ غەیری خۆیان هەڵکەن دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرغ کرد بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان کەوتنە پیلان گێڕان لە دژی بیرئازادان و بیر جیاوازان، لە زانکۆکانەوە دەستی کرد بە هەڵاواردن و ئەوەی لەگەڵ خەتی خومەینی فێڵبازدا نەبوایە، لە زانکۆ وەدەریان دەناو ئازار و شکەنجەیێکی زۆریشیان بەر دەکەوت، ئەو کردەوانەی گواسترایەوە بۆ ماڵ و کۆڵان و بازارەکانی شارەکانی ئێران.

ڕێبەران و خەباتکارانی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ وەدەست هێنانی ویست و مافەکانی گەلی کورد هاوهەنگاو لەگەڵ باقی گەلانی ئێران لە دژی رژیمی شا دەستیان دابووە خەبات کردن، بە هاتنی رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو داواکانی خۆیان خستە بەردەم کاربەدەستانی ئەو رژیمە، بەڵام ئەو رژیمە و سەرانی هیچ کات مەبەستیان نەبوو مافی هیچ یەك لە نەتەوەکانی ئێران بدەن.

هەر لە سەرەتاوە بۆ کات کوشتن تا ئەوەی کە خۆیان ساز بدەن و هێزەکانیان رێکخەن، هەیئەتی پێك هێناو رەوانەی کوردستانی کردن تا بە قەرار بێن و گوێ لە داواکانی گەلی کورد و نوێنەرانی کورد



بگرن. بەڵام بە بینینی کراوەیی و ئازادیی ویستی گەلی کورد چاویان بەرایی نەدەهات و ئازادیخوازییان پێ ئاژاوەگێڕی بوو بۆیە لە دوای تێپەڕینی 6 مانگ بە سەر بە دەسەڵات گەیشتنیان دا هێرشیان کردە سەر ئەو گەلە ماف و ئازادی ویستەو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕەشە کوژیان وەڕێ خست و پیر و لاوی کوردیان گوللەباران کرد.

گەلی کوردیش لە بەرانبەر دەستدرێژی دا دەستەو ئەژنۆ نەوەستا و دیفاعی لە نیشتمانەکەی کرد و تا چەندی توانای بوو لە بەرانبەر هێزی داگیرکەردا ڕاوەستا و بە موقاوەمەتی خۆی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند و دەری خست زیندوەو ئازادیی خۆی و نیشتمانی دەوێ و نارازیە بە دەسەڵاتی لاوەکی بە سەر خۆی و نیشتمانی دا.

ئەو رژیمە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە مێژوویێکی ڕەشی هەیە و 53 جار لەلایەن کۆمەڵی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ مەحکوم کراوە، و لە کوشت و بڕی کورد و باقی گەلانی ئێران و سەرکوتی کەمینە مەزهەبیەکان و پێشێل کردنی ئازادی بیر و ڕا و چاپەمەنی، و لە ناوبردنی نەیارانی و ترۆر کردنیان و ئێعدامی لاوان و چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنی، گرتن و سەرکوتی بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان و کرێکاران دەستی ناپارێزێ.

لەلاییێکی دیکەوە کاری ئاژاوەگێری و پشتیوانی لە ترۆریزم بە هەموو شێوەیێك چ لە باری مادی و چ لە باری مەعنەویەوە و دامەزرانی تاقم و گروپی ترۆریستی و مەترسی دروست کردن بۆ سەر ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە. کاری سەرەکیی ئاخوندانی دەسەڵاتدار لە ئێران، بە پێی لەقاودانی دەست و پێوەندەکانی خۆیان، تاڵان و بڕۆی دارایی خەڵکی ئێرانە و بە کەیفی خۆیان حەیف و مەیلی دەکەن. پاسدار پالیزدار کە لەم دواییانەدا زۆر شتی بۆ جیهانیان دەرخست (هەر چەند ئەو دیان پێدانانانەی ئەو مشتێك بوو لە خەرمانێك) بەڵام ئەوە هەنگاوێکی سەرەتایی بوو بۆ روون بوونەوەی خەڵك کە ئاخوندانی ملهوڕ بە چ شێوەیێك خەریکی مژینی

خوێنی خەڵکی ئێرانن و گەندەڵی ئاخوندان تا چ ڕادەیێك پەلی هاویشتووە.

ئەو رژیمەی کە خاوەنی ئەو پەروەندە ڕەشەیە، لەم هەل و مەرجەدا لە هەوڵی وەدەست هێنانی چەکی ناوەکەیی دایە کە زۆر مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و ئەگەر بێت چەکی ناوکەیی بکەوێتە دەست ئەو رژیمە هەوسار پچڕاو و ترۆریست پەروەرە، دەبێ چی بە سەر مرۆڤایەتیدا بێ؟ ئێستا کە خاوەنی ئەو چەکە نیە بۆتە مایەی فیتنە و ئاژاوە و ترسی خستۆتە دڵی هەموو مرۆڤێکەوە، ئەگەر ببێتە خاوەنی ئەو چەکە جیهان دەبێ چاوەڕێی مەینەتی و دەرد بکا؟

ئەو مرۆڤانەی کە لە سەنگەری خەبات لە دژی ئەو رژیمە ڕاوەستاون و بڕیاریان رووخانیەتی و حازر نین بۆ ساتێکیش هەدا بدەن، بەراستی ئەو مرۆڤانە بەرز و هەڵکەوتوون و بە تەرخان کردنی تەمەنیان پێشڕەوی مرۆڤە چەوساوەو ماف خوراوەکان و نەتەوەی کوردن و ئامادەن بۆ ئەو ئاواتانە گیانی خۆیان بەخت کەن و ئەوەیان پێ شەریف و پیرۆزترە لە خۆبەدەستەوە دان و سەرشۆڕی لە حاست دژمنانی ئینسانیەت.

ئەو خەباتکارانەی لە بەرانبەر هەموو زوڵم و زۆرداری رژیمی ئاخوندی وێستاونەوە جوڵانەوەیێکی ئازادیخوازی رەوایان وەڕێ خستوە و سەنگەری خەباتێکی رەوایان گرتووە و بە ئومێدی سەرکەوتن و هەڵکردنی ئاڵای ئازادی و سەربەستی بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی و کوردی چەوساوە بە تایبەتی، ژیانیان تەرخان کردوە، جێگەی رێز و تەقدیرن.

مانەوە لە سەنگەر و بەربەرەکانێی رژیمی ئاخوندی دژ بە مرۆڤایەتی ئەرکێکی پیرۆزە و پێویستە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە ئێستاوە هەوڵ بدەن پێوەندییێکی سالم لەگەڵ یەکتر دامەزرێنن و لە ئێستاوە بەرنامەیێك دارێژن کە تەراز بێ لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافی تێکڕای نەتەوە و ئایین و چینەکانی ئێران لە بەرچاو بگیرێ و هیچ کەس و لاییێك ماف خوراو نەبێ.

***

# سازمانی خەبات ی کوردستان دوو چەمکی نەتەوەیی و نیشتمانی لێك جیا ناکاتەوە

بێهروز نەردەڵان

جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەدا پێویستی بەوە هەیە کە هەوڵ بدا بۆ رزگاری نەتەوەو نیشتمان. لێك جیا کردنەوەی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێتە هۆی گرێ و گۆڵی هەرچی زیاتر بۆ دوا ڕۆژی خەڵك و خاکی کوردستان.

سازمانی خەباتی کوردستان، ماوەی نیزیك بە30 ساڵە دامەزراوە و هەرلە سەرەتای دروست بوونیەوە دروشمی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵگرتووە و بێ وچان لەپێناو روون کردنەوەی تاکی کوردەواری بە مەبەستی جیا نەکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەوڵی داوە. سازمانی خەباتی کوردستان لە هەل و مەرجێکدا دروشمی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵگرت کە زۆربەی لایەنەکانی ناو کوردستان باس کردن لەودوو چەمکەیان بە دواکەوتوی لەقەڵەم ئەدا و بەردەوام بەدوای ئەوەوە بوون کە خەباتی بەرین و بێ پایانی سازمانی خەبات و رۆڵەکانی کەم رەنگ یان بێ بایەخ بکەن. بەرامبەر لایەنە چینایەتیەکانی کوردستان، سازمان بەوپەڕی لێهاتوویی و شارەزاییەوە هەوڵی پاراستن و بەردەوامی ئەو دروشمەی دا کە بەخۆشحاڵیەوە ئەمرۆ بۆتە دروشمی زۆربەی لایەنەکانی کوردستان. خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری و سەرەوری پێوەندی بە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە ناوچەییەکانەوە هەبووە و هەیە. کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، گۆڕانەکان بەخێرایی بوون. هەڵوەشانەوەی بلوکی ڕۆژهەڵات و کۆتایی هاتنی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئەو هەلەی بۆ نەتەوە بن دەستەکان ڕەخساند کە تەلیسمی تەنداو لەسەر سەربەخۆیی و رزگاری نیشتمانی بشکێنن و خۆیان بگەیێننە چارەنووس بەدەستی و لە پاشکۆیی و بن دەستی دا نەمێننەوە.بێ گومان زۆربەی وەڵاتانی لکێندراو بە یەکیەتی سۆڤیەتەوە کەڵکیان لەو بارودۆخە وەرگرت و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. جێگەی داخ و کەسەرە کە بۆ خەڵکی کوردستان هیچ یەك لەو بارودۆخ و هەلانە تا ئێستێ هەلی رزگاری و دوای ئەو هەمووە گۆڕان و هەڵبڕو دابڕو لێك ترازان و شۆڕشانە خەڵکی کوردستان پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێن و جوغرافیای وەڵاتەکەیان بچوك دەکەنەوە. ئەو ڕێکەوت و گۆڕانانە لە ناوچەکەدا نەك نەبوونە هۆی رزگاری خەڵکی کورد و کۆتایی هێنان بە ڕەوتی کۆلۆنیالیستی، بەڵکوو رژیمە دەمار گرژە یەك لەدوای یەکە داگیر کەرەکان بە پاڵپشتی لایەنە دەرەکیە قازانج ویست و ئیستسماریەکان کەوتنە هەوڵی قڕکردنی نەتەوە بن دەستەکان، بەتایبەت خەڵکی کوردستان. لەوکاتەدا کە نەتەوە شکڵی دەگرت و دەوڵەت لەدوای دەوڵەت پێك دەهاتن، خەڵکی کوردستان بەکۆمەڵ قڕ دەکراو خاکەکەشی بەتورەکە دەبێژرا و هەزاران گوند وێران و دەیان هەزار کەس بەزیندویی دەکران بەژێر خاك و خۆڵەوە کە باشورو ناوەند شایەدی ئەو کارەساتەن.

کرماشان و ئیلام و ورمێ کە سێ پارێزگا لەچوار پارێزگای کوردستانی ئێرانن، کەوتونەتە بەر پاکتاوی ڕەگەزی سەرەکی و ئەسڵی و ڕژیمی ئاخوندی هەموو هەوڵی ئەدا کە بەتەواوی دیموگرافیان تێك بدا بەجۆرێك کە ئاسەواری کوردستانی بوونیان پێوە دیار نەبێ. لە کرماشان جیاواز لەوەی کە تورك و فارس و عەرەبی تێ خزاندووە، دوو بەرەکی لەنێوان کوردی شیعەو سوننی دا پەرە پێ داوە و بەجۆرێك کاری لەسەر کردون کە ئاسەواری خراپ بۆ دوارۆژ جێ بمێنێ. جوغرافی ئیلامی تێك داوە و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کورد لەو پارێزگایە کەم بکاتەوە و لەو پێناوە خەرجێکی زۆر دەکاو بەفشار خستنە سەر کوردەکان بەزۆرەملێ کۆچیان پێ دەکات. ناوەند و باکوری کوردستانی ئێرانیشی بڕداوە و ناویان ناوە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. شەڕی کورد و تورك دەنێتەوە و لەپێناو سیاسەتی نگریس و مانەوەیدا لەهیچ جینایەتێك سەبارەت بە خەڵك و خاکی کوردستان درێغ ناکات. خاکی کوردستانی ئێران کە ڕووبەری دەگاتە111669 کیلۆمیتری چوارگۆشە، تەنیا بە پارێزگای سنە کە ڕوبەرەکەی بە29،152 کیلۆمیتری چوارگۆشەیە لە نەخشەی ڕژیمدا بەناوی کوردستانە. بەو بەشە لە پارێزگای سنە دەڵێن ئوستانی کوردستان و ئیتر هیچ حیسابێك بۆ کوردستانی بوونی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و ورمێ نەکراوە لە نەخشە و پیلانی ڕژیمدا. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو سێ پارێزگایە بەردەوام هەوڵی پاك کردنەوەی لە خەڵکی کورد دەکرێ، پارێزگای سنەش لەبەر هەڕەشەی چەند لایەنەی ڕژیمدایەو بە نانەوەی شەڕی شیعە و سوننی لە قوروە و بیجار و هتد... دەیهەوێ ئامانجە شومەکەی کە بەرتەسك کردنەوەی خاکی کوردستانە، بپێکێ. لەم قۆناغەی شۆڕشی گەلەکەماندا پێویست و زەرورە کە ڕزگاری نیشتمان لە ڕزگاری نەتەوە جیا نەکرێتەوە ئەوە ڕونە کە ڕزگاری نەتەوە گرێدراوە بە ڕزگاری خاکەوە. سازمانی خەباتی کوردستان بە هەست کردن بەو لێپرسراویەتیەی کە لەئەستۆیەتی، هەڵگری ئەو دروشمە پیرۆزەیە کە ساڵهای ساڵە خەباتی بۆ دەکاو ڕای ئێستاو ڕابردوو و سبەیشی ئەوە بووە و دەبێ چونکە ناکرێ گەلێك ڕزگار ببێ بەڵام خاکەکەی لەژێر ڕکێفی داگیرکەران دابێ. بێ گومان دەبێ هەموو لایەنێکی شۆڕشگێڕ بکەوێتە هەوڵی ڕوون کردنەوەی تاکی کورد و ئاشناکردنی لەگەڵ جوغرافیای وەڵاتەکەی و ئەوە بەگوێی ڕۆڵەکانی ئێستا و داهاتوودا بگەیێنێ کە پاراستن و ساغکردنەوەی خاکی کوردستان و دیفاع لە سنورەکانمان ئەرکێکی مێژوویی و ڕیشیە و هیچ هێزێکی کۆلۆنیاڵ و ئەهریمەنی ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خاکەکەی بکاو خاکەکەی لە خەڵکی کوردستان بکات.

بێ گومان خەباتی بەرینی خەڵکی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە بەرانبەر ڕژیمی دژمن بە مرۆڤ بە تەوژمتر دەبێ. ڕژیم زۆر لەوە بچوکترە کە بتوانێ ورەو ئیرادەی خەڵکی کوردستان کەم بکاتەوە. سازمانی خەباتی کوردستان وەك هێزێکی ڕیشەیی و شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی و نیشتمانی سەرقافڵەی ڕێبوارانی ڕێگەی پیرۆزی خاك و خەڵکی کوردستانە و دروشمە مێژووییەکەی کە هەوڵ دانە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوە و نیشتمانەکەمان بەخوێن دەپارێزێ.مێژووی پاك و پیرۆزی سازمان ئەو ڕاستیەی بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان و ئێران ڕوون کردۆتەوە کە موبارەزەی بەردەوامی ڕۆڵەکانی کورد لە سەنگەری سازمانی خەبات بۆ ڕزگاری خاك و گەلەو ئەو حەقیقەتە سەلمێنراوە کە هیچ کەس لە بستوکەیێکی خاکی کوردستان نابوورێ. موبارەزە وەك تەنیا دەرووی خەڵکی کوردستان، هەتا گەیشتنی خەڵکی کورد بە ئازادی لەسەر هەموو خاکەکەی و مافی چارەنووس بەدەستی درێژەی هەیەو درێژەی دەبێ و قارەمانان و گیان بازانی گەلی ستەم چێشتووی کورد هەتا سەرکەوتن بەسەر ڕژیمی ئاخوندی و ئەوانەی کە نەیاری کوردن و خەونی فەوتان بەم گەلەوە دەبینن، لە مەیدان دا ڕادەوەستن.